## ناوەندی رۆشنبیریی بەدلیسی

# راپۆرتی چالاکییەکان

# ساڵی (2005)

## قۆناغی چوارەمو پێنجەم لە پڕۆژەی
## دانانی بابەتی مافی مرۆڤ لە پرۆگرامی خوێندندا

**سەرپەرشتیاری پڕۆژە:** رێکخراوی (NPA).

**بەشـــداران:** ناوەنـدی رۆشـنبیریی بەدلیسیو (٦) رێکخـراوی نـاحکومی، لەگـەڵ هـەردوو وەزارەتی پەروەردەو مافی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان– ئیدارەی سلێمانی.

**نوێنەری ناوەند لە پڕۆژەکەدا:** هیوا ئەحمەد دەروێش.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٤/١٠/١٥

**کۆتـایی:** ٢٠٠٦/٥/٣١.

**پوختە:** لەم دوو قۆناغەدا نوێنەری ناوەند بە هاوبەشی لەگەڵ بەشدارانی پڕۆژەکە هەستان بـە هەڵـسەنگاندنی بابەتەکـەو ئەنجامـدانی چـەندین (Workshop)و کـۆڕو کۆبوونـەوە لەگـەڵ خوێندکاراندا بە مەبەستی زانینی رادەی سوودگەیاندنی پڕۆگرامەکە بە خوێندکاران.

**کاریگـــەریی:** ئـەو هەڵـسەنگاندنانەی ئـەنجام دران ئـەو ئەنجامـەی بـە دەسـتەوەدا کـە هـانی وەزارەتـی پـەروەردەی دا بـۆ ئـەوەی پڕۆگرامەکـە بکـات پڕۆگرامێکـی سەرتاسـەریو لەسـەرجەم خوێندنگەکاندا بخوێندرێ.

## هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا

**بەڕێوەبەری چالاکیی:** بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

**رێکخەر:** بورهان عەبدولڕەحمان، هیوا ئەحمەد دەروێش.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٥/١/٢١.

**تەواوبوون:** ٢٠٠٥/١/٢٨.

**ناوچەی چالاکیی:** سلێمانی، کەلار، رزگاری.

**پوختە:** چالاکییەکە بریتیبوو لە هەڵمەتێکی راگەیانـدن بۆ هۆشیاکردنەوەی هاووڵاتیـان لەسـەر گرنگی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا. لـە میانـەی چالاکییەکەدا چەندین کتێـبو بڵاوکـراوە بەسـەر هاووڵاتیانـدا دابەشـکرا، هاوکـات لـە رێگـەی بڵنـدگۆوە هـانی هاووڵاتیـان درا بـۆ بەشـداریکردن لـە هەڵبژاردنەکاندا.

شـایانی باسـە چـالاکییەکە لـە لایـەن رێکخـراوە ناحکومییەکانـەوە بـەڕێوە چـوو، لـە پارێزگـای سلێمـانی (٢٦) رێکخراو بەشداری تێداکرد.

**کاریگەریی:** کاریگەریی چالاکییەکە بە ئاشکرا بە بەشداری چالاکانەی هاووڵاتیانەوە دیـاربوو لـە هەڵبژاردنەکانـدا، بـە شـێوەیەك پێـشبینی ئـەوە نـەدەکرا ئـەو رێـژە زۆرەی هاووڵاتیـان بەشـداری هەڵبژاردنەکان بکەن.

# زنجیره سیمینارێك لەسەر
# بەرنامەی لایەنە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردن‌و هەڵسەنگاندنی هاووڵاتیان

**لایەنی هاوکار:** سەنتەری گەشەپێدانی چالاکیی لاوان- لقی هەڵەبجەی شەهید.

**لایەنەبەشدارەکان:**

- حیزبی شیوعی کوردستان.
- یەککگرتووی ئیسلامیی کوردستان.
- پارتی دیموکراتی کوردستان.
- کۆمەڵی ئیسلامیی لە کوردستان.
- پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٥/١/٢٢.

**تەواو بوون:** ٢٠٠٥/١/٢٦.

**شوێنی چالاکیی:** هەڵەبجەی شەهید.

**پوختە:**

چالاکییەکە بریتیبوو لە سازدانی زنجیرەیەك کۆڕی جەماوەری بۆ نوێنەری لایەنە سیاسییەکان تا بەرنامەی خۆیان بۆ هەڵبژاردن بخەنە روو، پاشان گفتوگۆ لەسەرکردنی لە لایەن جەماوەرەوە، بە مەبەستی لێك گەیشتن‌و دروستکردنی پردێك لە نێوان جەماوەرو لایەنە سیاسییەکان بۆ یەکتر قبوڵکردن‌و رازیبوون بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان‌و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژیی.

**کاریگەریی:**

ئەم زنیجرە کۆڕانە کاریگەریی باشی هەبوو لەسەر تێگەیشتنی جەماوەرو دەربڕینی بیروڕاو بۆچوونەکانیان‌و ئاشنابوون بە بەرنامەی لایەنە سیاسییەکان‌و بەڵێنەکانیان، تا دواتر جەماوەر موتابەعەی بەڵێنەکانیان بکات ئەگەر هاتو لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

# چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە (٢٠٠٥/١/٣٠)
# لە هەردوو تۆڕی چاودێریکردنی (چاو)و (ڕۆژ)دا

**بەڕێوەبەر:** بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

**ڕێکخەر:** ئاریان محەمەد عەلی، هیوا ئەحمەد دەروێش، جەبار محەمەد ڕەحیم.

**قۆناغی یەکەم:** (Workshop) ڕاهێنانی چاودێران.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٥/١/٢٤.

**تەواو بوون:** ٢٠٠٥/١/٢٦.

**شوێن:** ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی.

**ژمارەی بەشداران:** (٣٤) چاودێر لە هەردوو ڕەگەزەکە.

**وانەبێژان:** بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

ئاریان محەمەد عەلی.

**پوختە:**

ئەم (Workshop)ە بە ئامانجی ڕاهێنانی چاودێران بوو تا بتوانن بە شێوەیەکی ڕێكو پێكو بە پێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵاو بێ لایەنانە پڕۆسەی چاودێریکردنەکە ئەنجام بدەن.

**قۆناغی دووەم:** پڕۆسەی چاودێریکردن بە شێوەی پراکتیکی.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٥/١/٣٠.

**تەواو بوون:** ٢٠٠٥/١/٣٠.

**ژمارەی چاودێران:** (٣٤) چاودێر لە هەردوو ڕەگەزەکە.

**ناوچەی چاودێریکردن:** (سلێمانی، چوارقوڕنە، چەمچەماڵ).

**پوختە:**

ئەم چالاکییە بە ئامانجی چاودێریکردنی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان بوو، تا بە شێوەیەکی دروستو دوور لە ساختەکاریو کاری توندوتیژیی پڕۆسەکە بەڕێوە بچێت.

**کاریگەریی:**

- کاریگەریی ئەم چاودێرییە لەوەدا دەرکەوت کە کەمترین ڕادەی ساختەکاریو توندوتیژیی لە ناوەندەکانی هەڵبژاردندا ڕوویدا، تەنانەت بووە هۆی ئەوەی ئەو جێگاو ناوەندو وێستگانەی کە پرەنسیپەکانی هەڵبژاردنی ئازادیان ڕەچاو نەکرد بخرێنە لیستی ڕەشەوەو گومان لە ئەنجامی ناوەندەکەیان بکرێت.

**تێبینی:**

جگە لە چاودێریکردنەکە ئەندامی ناوەند (هیوا ئەحمەد دەروێش) ڕۆڵی ئیدخال کردنی هەموو فۆرمەکانی چاودێرانی هەموو ڕێکخراوەکانی پارێزگای سلێمانی بینی لە تۆڕی چاودا.

## (Workshop)ی
# ڕۆڵی دیموکراتییەتو ئازادیو ئیرهاب لەسەر ئابووریی

**بەڕێوەبەر:** بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

**دەستپێکردن:** ١/٥/٢٠٠٥.

**تەواو بوون:** ٣١/٥/٢٠٠٥.

**بەشداران:** کادێری ڕێکخراوەکانی ژنانو ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

**ژمارەی بەشداران:** (٣٥).

**ناوچەی چالاکیی:** سلێمانی.

**وانەبێژان:**

کامەران ئەحمەد حەمە.

نیاز نجم الدین نوری.

عیزەت صابر ئیسماعیل.

**پوختە:**

(Workshop) تایبەت بوو بە ڕۆڵی دیموکراتییەت لە گەشەپێدانی ئابووری عێراقو کاریگەریی سەلبی ئیرهاب لەسەری. تیایدا ئەوە ڕوونکرایەوە کە لە سایەی سیستمی دیموکراسیدا چۆن ئابووریی وڵاتو بازاڕی ئازاد دەبوژێتەوە، کارە تێکدەرانەکان بە چ شێوەیەك پەکی پڕۆژە ئابوورییەکان دەخەنو ژێرخانی وڵات دادەتەپێنن.

**کاریگەریی:**

(Workshop)کە وای لە بەشداران کرد کە پەیوەندی نێوان دیموکراتییەتو بازاڕی ئازادو ئابووریی بە شێوەیەکی ورد ئاگاداربنو لەوە تێبگەن کە ئیرهاب چ ڕۆڵێکی سەلبی هەیە لەسەر لەناوبردنی ژێرخانی ئابووریی وڵاتو ڕێگرە لە گەشەکردنی ئابورییدا، هەروەك بەشداران بە شێوازەکانی گەندەڵیو ڕێگاکانی ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئاشنابوون.

## (Workshop)ێك بۆ ڕێكخراوەكانی ژنان
## سەبارەت بە (كاراكردنی بەشداریی سیاسیی ژنان)

**بەڕێوەبەر:** بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

**ڕێكخەر:** گوڵە حمد حمە.

**وانەبێژان:**

تەلار لەتیف.

بەكر حەمە صدیق.

خانزاد ئەحمەد.

ڤیان مەجید.

هەڤاڵ ئەبوبەكر.

كنێر عەبدوڵڵا.

روناك فەرەج.

بەختیار عەبدوڵڵا.

**دەستپێكردن:** ٢٠٠٥/٧/١.

**تەواو بوون:** ٢٠٠٥/٩/٣٠.

**ژمارەی بابەتە پێشكەشكراوەكان:** ١٢.

**ژمارەی ڕۆژەكانی (Workshop):** ٨ ڕۆژ.

**ژمارەی بەشداران:** (٣٢) ژن لە ڕێكخراوەكانی ئافرەتان و ژنانی ناوچەكە.

**ناوچەی چالاكی:** (بتوێن و پشدەر).

**پوختە:**

(Workshop)ەكە بە مەبەستی زیادكردنی زانیاریی ژنانی ناوچەكە بوو لەسەر مافەكانی ژنان و دیموكراسییەت، كاریگەریی بەشداریی ژنان لە كاری سیاسیی لەسەر ڕەوشی دیموكراتییەت و بەدیهاتنی مافەكانیان، تا ئاستی تواناكانیان بەرزبكرێتەوە بۆ بینینی ڕۆڵێكی كارا لە ژیانی سیاسییداو هۆشیاركردنەوەی ژنانی ناوچەكە.

**كاریگەریی:**

(Workshop)ەكە كاریگەریی هەبوو لە رووی:

- هۆشیاربوونەوەی ژنانی ناوچەكەو ڕێكخراوەكانیان بەوەی كە ئەتوانن ڕۆڵی زیاتر لە ژیانی سیاسییدا بگێڕن ئەگەر گرنگی بە خۆڕۆشنبیركردن بدەن.
- فێربوونی مافەكانی ژنان بە شێوەیەكی ئەكادیمیانە تا بە شێوەیەكی ڕێك و پێك و بەرنامە بۆ داڕێژراو خەبات بۆ بەدیهاتنیان بكەن.

# دیالۆگی جەماوەریی لەسەر دەستور

**سەرپەرشتیار:** بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

**ئاسانكار:**

- ئەوین عەبدولڕەحمان.
- بەناز رەسول.

**دەستپێكردن:** ٢٠٠٥/٧/١١.

**تەواو بوون:** ٢٠٠٥/٧/٢٥.

**ژمارەی كۆبوونەوە:** ٢٤ كۆبوونەوە.

**ژمارەی بەشداران:** ٣٤٠ بەشدار.

**ناوچەی چالاكیی:** شاری سلێمانی.

**سوودمەندان:** كارمەندانی (وەزارەتی دارایی و ئابووریی، وەزارەتی پەروەردە، رێكخراوە ناحكومییەكان، خوێندكارانی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان.

**پوختە:**

چالاكییەكە بریتییە لە سازكردنی كۆبوونەوەی جەماوەری بۆ توێژە جۆراوجۆرەكان سەبارەت بە دەستوری عێراق و وەرگرتنی راوسەرنج و تێبینی هاوولاتیان لەسەر دەستورەكە، هاوكات گرنگترین بەندەكانی دەستور بۆ بەشداران شی دەكرێتەوەو هاوكات بیروڕاو بۆچوونەكانی هاوولاتیان سەبارەت بە دەستور وەردەگیرێت و كۆنووس دەكرێت.

**كاریگەریی:**

چالاكییەكە كاریگەریی تا رادەیەك باشی هەبوو لەسەر هاوولاتیان و ناساندنی بەندە گرنگەكانی دەستور پێیان و دروستكردنی گفتوگۆ لە نێو خەڵكدا سەبارەت بە دەستور.

# هاندانی هاووڵاتیان
# بۆ بەشداری لە راپرسی دەستوردا

**سەرپەرشتیار:**

بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

**ئاسانکار:**

-زمناکۆ جەلال.

-رێزان دلێر.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٥/٩/٢١.

**تەواو بوون:** ٢٠٠٥/١٠/٢.

**ژمارەی کۆبوونەوە:** ٢٤ کۆبوونەوە.

**ژمارەی سوودمەندان:** ٦١٢ بەشدار.

**ناوچەی چالاکیی:** ناوچەی قەرەداغ.

**پوختە:**

چالاکییەکە بریتییە لە سازکردنی کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ توێژە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە شیکردنەوەی بەندەکانی دەستوری عێراق و هاندانیان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی راپرسی لەسەر دەستوردا.

**کاریگەریی:**

دەتوانین بڵێین چالاکییەکە کاریگەریی بەرچاو هەبوو، بە تایبەتی کە لە لایەن چەند رێکخراوێکەوە سازکراو ناوچەیەکی زۆر فراوانی گرتەوەو هانی هاووڵاتیش دەدرا تەنها بۆ بەشداریکردن نەك ئاڕاستەکردنی دەنگدانی، کە ئەمەش لە لای هاووڵاتی جێگەی رەزامەندی بوو، چونکە دوور بوو لە بانگەشەی حیزبایەتی، نمونەش بۆ کاریگەریی هەڵمەتەکە بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆرە لە هاووڵاتیان لە پرۆسەی راپرسییەکەدا.

## شانۆگەریی (ئاشتی لە پێکەوە ژیاندایە)

**بەڕێوەبەر:** بورهان قەرەداغی.

**ئەکتەرەکان:**

- مەریوان زەنگەنە.
- فارس عەلوان.
- لەنجە محەمەد.
- مەهدی حاتەم.
- قاسم غەمگین.
- چیا کەریم.
- چالاك زەنگەنە.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٥/١٠/١٢.

**تەواو بوون:** ٢٠٠٥/١٢/١١.

**ژمارەی نمایش:** (١١).

**شوێنی نمایش:** شارەکانی (هەولێر، پردێ، کەرکوك، خانەقین، قەرەهەنجیر).

**ژمارەی بینەر:** (٣٨٢٥).

**پوختە:**

شانۆییەکە هاندانی جەماوەری ناوچە تازە ئازادکراوەکان بوو بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ڕێی نیشاندانی کۆمەڵێ کێشەی واقیعی کە ڕۆژانە جەماوەری نەتەوە ئایین‌و مەزهەبە جیاوازەکان پێوەی گیرۆدەن، لەگەڵ پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو تا هەموو دانیشتووان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە یەکتر قبوڵبکەن‌و بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە بژین.

**کاریگەریی:**

ئەم شانۆییە کاریگەریی باشی لەسەر بینەرانی دانا، بە شێوەیەك کە لە لایەن هەموو نەتەوەو مەزهەب‌و تایفە جیاوازەکانەوە پێشوازیی لێکراو داوای دووبارە نمایشکردنەوەیان دەکرد تا زۆرترین جەماوەر ببینێت.

# چاودێریکردنی پڕۆسەی ڕاپرسی لەسەر دەستور
# لە میانەی تۆڕی (چاو)دا

**بەڕێوەبەر:** هیوا ئەحمەد دەروێش.

**قۆناغی یەکەم:** سازکردنی (Workshop)ێك بۆ ڕاهێنانی چاودێران.

**ڕۆژ:** ٢٠٠٥/١٠/١٢.

**شوێن:** ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی.

**ژمارەی چاودێران:** ٢٥ چاودێر لە هەردوو ڕەگەز.

**ڕاهێنەر:** بورهان عەبدولڕەحمان.

**پوختە:**

لەم (Workshop)دا چاودێران ڕاهێنانیان پێکرا لەسەر چۆنیەتی چاودێریکردن و چۆنیەتی دەنگدانی هاووڵاتیان لەسەر دەستورو ئەو ڕێگایانەی کە ڕەنگە بە هۆیەوە کار لەسەر دەنگدەر بکرێت لەگەڵ چۆنیەتی نووسینی ڕاپۆرتی کۆتایی.

**قۆناغی دووەم:** چاودێریکردنی پڕۆسەی ڕاپرسی.

**ڕۆژ:** ٢٠٠٥/١٠/١٥.

**شوێنی چاودێریکردن:** شاری سلێمانی، هەڵەبجەی شەهید، ناحیەی سیروان، ناحیەی خورماڵ، ناحیەی سەید صادق.

**ژمارەی بنکەی چاودێریکراو:** ٢٥ بنکە.

**پوختە:**

ناوەند بۆ چاودێریکردنی ڕاپرسییەکەو ئاگاداربوون لە ڕادەی ئازادی دەنگدان لە ڕێگەی (٢٥) چاودێرەوە توانی لە (٢٥) ناوەندی دەنگداندا لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای پارێزگای سلێمانیدا پڕۆسەی ڕاپرسییەکە چاودێریی بکات.

**کاریگەریی:**

لەبەرئەوەی پڕۆسەی دەنگدان لەسەر ڕاپرسیی ئاسان بوو بەوەی کە هاووڵاتی (بەڵێ) یان (نەخێر)ی هەڵدەبژارد، بۆیە ئاسان بوو بە شێوەیەکی بەرچاو کاری ساختەکاری ئەنجام بدرێت، بە تایبەت لەگەڵ نەخوێندەوارەکاندا، بەڵام بە هۆی پڕۆسەی چاودێریکردنەکەوە تا ڕادەیەکی زۆر توانرا ڕێگا لەوە بگیرێت و هاووڵاتیان بە تەواوی ویستی خۆیان (بەڵێ) یان (نەخێر) بۆ دەستور بکەن.

# چاودێریکردنی پرۆسەی راپرسی لەسەر دەستور
# لە میانەی تۆڕی (رۆژ)دا

**بەڕێوەبەر:** زمناکۆ جەلال.

**قۆناغی یەکەم:** سازکردنی (Workshop)ێك بۆ راهێنانی چاودێران.

**رۆژ:** ١٣/١٠/٢٠٠٥.

**شوێن:** ناوەندی رۆشنبیریی بەدلیسی.

**ژمارەی چاودێران:** ١٦ چاودێری خۆبەخش لە هەردوو رەگەز.

**راهێنەر:** زمناکۆ جەلال.

**پوختە:**

(Workshop)ەکە تایبەتبوو بە ناساندنی شێوازی چاودێریکردنی پرۆسەی راپرسی لەسەر دەستوری عێراق‌و روونکردنەوەی ئەو خاڵ‌و هەڵسوکەوت‌و ئاکارو کردانەی کە بە پێشێلکاری دادەنرێن‌و چۆنێتی نووسینی راپۆرت لەسەر پرۆسەی چاودێریکردنەکە.

**کاریگەریی:**

چاودێران زانیاریی گونجاوو پێویستیان وەرگرت سەبارەت بە پرۆسەکەو چۆنێتی نووسینی راپۆرتی کۆتایی‌و شارەزابوون لە پرۆسەی راپرسییەکە.

**قۆناغی دووەم:** چاودێریکردنی پرۆسەی راپرسی.

**رۆژ:** ١٥/١٠/٢٠٠٥.

**شوێن:** شاری سلێمانی.

**ژمارەی بنکەی چاودێریکراو:** ١٦ بنکە.

**پوختە:**

ناوەند بۆ چاودێریکردنی راپرسییەکەو ئاگاداربوون لە رادەی ئازادی دەنگدان لە رێگەی (١٦) چاودێری خۆبەخشەوە توانی لە (١٦) ناوەندی دەنگداندا پرۆسەی راپرسییەکە چاودێریی بکات.

**کاریگەریی:**

ئاگاداربوون لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەو دروستکردنی متمانە لای دەنگدەر ئاکامی چاودێریکردنی پرۆسەکە بوو، هاوکات نوێنەرانی پارتە سیاسییەکان بە هۆی بوونی چاودێریی رێکخراوە ناحکومییەکان زیاتر پابەندبوون بە رێنماییەکان‌و یاسای هەڵبژاردن.

# شانۆگەریی
## (تەنها داوا مافمان پێشێل مەکەن!)

**بەڕێوەبەر:** بورهان قەرەداغی.

**ئەکتەرەکان:**

- رابەر عەبدولڕەحمان.
- چیا کەریم مستەفا.
- لەنجە محەمەد سلێمان.
- هونەر حەسەن رەشید.
- شوان جەمال کەریم.

**یەکەم نمایش:** ٢٠٠٥/١١/١٧.

**دوا نمایش:** ٢٠٠٦/٢/٢٦.

**ژمارەی نمایش:** ١٠٥.

**ژمارەی بینەر:** ٤٣١٣٨.

**پوختە:**

شانۆگەرییەکە باس لە مافی منداڵو دیاردەی بەکارهێنانی توندوتیژییو مامەڵەی رەقو توند لە لایەن هەندێ لە مامۆستا لەگەڵ منداڵدا دەکات، دەقەکە پێشنیاری چارەسەری کێشەکە دەکات بە پێشکەشکردنی شێوازی نوێ بۆ مامەڵەو هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ منداڵدا، لە جیاتی پەنابردن بۆ توندوتیژیی.

شانۆگەرییەکە کارگێڕانی خوێندنگەکانو مامۆستایان هاندەدات بۆ گوێگرتن لە راوبۆچوونی قوتابیانو راوێژپێکردنیان، هاوکات منداڵانیش هاندەدات بۆ کاری بە کۆمەڵو هاوکاری، هەروەها شێوازەکانی داواکردنی مافەکان بە قوتابیان دەناسێنێت.

**کاریگەریی:**

شانۆگەرییەکە کاریگەریی بەهێزی لەسەر خوێندنگەکانو مامۆستایانو منداڵان هەبوو، زۆر لایەنو رێکخراو داوایان پێشکەش بە ناوەند کرد تا شانۆگەرییەکە لە ناوچەکەیاندا نمایش بکرێت، هەندێ لە بەڕێوەبەری خوێندنگەکان داواکاربوون کە بۆ دەوامی دووەمو سێهەمی خوێندنگەکەیان نمایش بکرێت، شانۆگەرییەکە کاریگەریی لەسەر منداڵان بە شێوەیەك بوو کە هەندێ منداڵ لە رێگەی وێنەکێشانەوە خۆشحاڵی خۆیان بە نمایشکە نیشانداوە.

## زنجیرەیەك (Workshop) بۆ خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی

لە میانەی ساڵی (٢٠٠٥)دا سێ (Workshop) بۆ خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی ئەنجام دراوە، بەم شێوەیە:

(Workshop)ی یەکەم:

**بەڕێوەبەر:** هیوا ئەحمەد دەروێش.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٥/١١/٢١.

**تەواو بوون:** ٢٠٠٥/١١/٢١.

**کاتی (Workshop)ەکە:** کاتژمێر (٩- ١).

**بەشداران:** خوێندکارانی ئامادەییەکانی (شەهید جەمال تاهیری کچان، بناری کچان، ئەزمڕی کوڕان).

**شوێنی چالاکیی:** سلێمانی- هۆڵی ئامادەیی شەهید جەمال تاهیری کچان.

**ژمارەی بەشداران:** (١٢٠) خوێندکار.

**وانەبێژ:** هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای بەشی راگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی.

# چاودێریکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
# ٢٠٠٥/١٢/١٥ لە میانەی
# (تۆڕی عێراقێکی بێ توندوتیژیی)دا

**بەڕێوەبەر:** هیوا ئەحمەد دەروێش..

**قۆناغی یەکەم:** سازکردنی (Workshop)ێك بۆ راهێنانی چاودێران.

**رۆژ:** ٢٠٠٥/١٢/١٢.

**شوێن:** ناوەندی رۆشنبیریی بەدلیسی.

**ژمارەی چاودێران:** ١٥ چاودێری خۆبەخش لە هەردوو رەگەز.

**راهێنەر:** جوانرۆ مستەفا.

**پوختە:**

ئەم (Workshop)ە بە ئامانجی راهێنانی چاودێران بوو لە ناسینی شێوازو جۆرەکانی ئەو توندوتیژییانەی لە کاتی هەڵبژاردندا لەوانەی روو بدەن، تا چاودێران بە وردی چاودێری روودانی حاڵەتەکانی توندوتیژیی بکەنو تۆماری بکەن بە پێی ئەو زانیارییانەی کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بڵاوی کردۆتەوە.

**قۆناغی دووەم:** چاودێریکردنی حاڵەتەکانی توندوتیژیی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا.

**رۆژ:** ٢٠٠٥/١٢/١٥.

**ژمارەی چاودێران:** ١٥ چاودێری خۆبەخش لە هەردوو رەگەز.

**ناوچەی چاودێریکردن:** سلێمانی، هەڵەبجەی شەهید، سیروان، خورماڵ.

**پوختە:** چالاکییەکە بە ئامانجی رێگرتنو کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژیی بوو لە هەڵبژاردندا.

**کاریگەریی:**

بەو پێیەی ئەم چاودێرییە پێش پرۆسەی هەڵبژاردنەکەشی گرتەوە، کاریگەریی باشی هەبوو لە کەمکردنەوەی روودانی توندوتیژییدا، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو ناوچانەی کە ئەم چاودێرییەی لێ ئەنجامدرا کەمترینو سادەترین حاڵەتەکانی توندوتیژیی تێیدا روویدا.

**تێبینی:**

ناوەند لەم چاودێریکردنەدا رۆڵی (رێکخەر)ی بینی لە پارێزگای سلێمانیو لە کۆتایی پرۆسەکەدا راپۆرتێکی بۆ دەستەی باڵای (تۆڕی عێراقی بێ توندو تیژیی) بەرزکردەوە، بەڵام دوای ئەوەی کە راپۆرتی کۆتایی تۆڕەکە بڵاوبوویەوە هەندێ زانیاری هەڵەی لەسەر پارێزگای سلێمانی لەخۆگرتبوو، بۆیە ناوەند لە روونکردنەوەیەکدا کە لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە زانیاریی راپۆرتەکەی لەسەر پارێزگای سلێمانی رەتکردەوە.

(Workshop)ی دووەم:

**بەڕێوەبەر:** هیوا ئەحمەد دەروێش.

**لایەنی هاوکار:** ناوەندی روناکبیریی خورماڵ.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٥/١٢/١٢١.

**تەواو بوون:** ٢٠٠٥/١٢/١٢.

**کاتی (Workshop)ەکە:** کاتژمێر (٩,٣٠- ١,٣٠).

**بەشـــداران:** خوێنـدکارانی ئامادەییـەکانی (خورمـاڵی تێکـەڵاو، خورمـاڵی کـچان، سـورێنی تێکەڵاو).

**شوێنی چالاکیی:** خورماڵ- هۆڵی ناوەندی روناکبیریی خورماڵ.

**ژمارەی بەشداران:** (٣١) خوێندکار.

**وانەبێــژ:** ئەرسـەلان عابیـد، مامۆسـتای مـاف مـرۆڤ لـە ئامـادەیی ئەحمـەد موختـار جـاف لـە هەڵەبجەی شەهید.

# چاودێریکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
# ٢٠٠٥/١٢/١٥

**بەڕێوەبەر:** زمناکۆ جەلال.

**قۆناغی یەکەم:** سازکردنی (Workshop)ێك بۆ راهێنانی چاودێران.

**رۆژ:** ٢٠٠٥/١٢/١٣.

**شوێن:** ناوەندی رۆشنبیریی بەدلیسی.

**ژمارەی چاودێران:** ١٦ چاودێری خۆبەخش لە هەردوو رەگەز.

**راهێنەر:** زمناکۆ جەلال.

**پوختە:**

تۆڕی (رۆژ) کە تۆڕێکی تایبەتە بە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا، ناوەند لە میانەی ئەم تۆڕەدا بەشداری لە پرۆسەی چاودێریکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کرد بۆ ئەم مەبەستەش (Workshop)ێکی یەك رۆژی بۆ راهێنانی چاودێران سازکرد.

**قۆناغی دووەم:** چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن..

**رۆژ:** ٢٠٠٥/١٢/١٥.

**ناوچەی چاودێریکردن:** سلێمانی.

**پوختە:**

ناوەند بە (١٦) چاودێر لە (١٦) ناوەندی دەنگدانی شاری سلێمانی چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد.

**کاریگەریی:**

چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی دەنگدەران هەست بە ئازادیو ئارامی بکەن لە دەنگدانو متمانەیان زیاتر بە پرۆسەکە لا دروست بوو، هەروەها هۆکارێکی سەرەکی بوو کە ساختەکاری لە پرۆسەکەدا کەم بێت.

**(Workshop)ی سێیەم:**

**بەڕێوەبەر:** هیوا ئەحمەد دەروێش.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٥/١٢/٢٧.

**تەواو بوون:** ٢٠٠٥/١٢/٢٧.

**کاتی (Workshop)ەکە:** کاتژمێر (٩,٣٠- ٢).

**بەشداران:** خوێندکارانی ئامادەییەکانی (ئەحمەد موختار جاف کوڕان، هەڵەبجەی کچان، نێرگزی کچان).

**شوێنی چالاکیی:** هەڵەبجەی شەهید- هۆڵی ئامادەیی ئەحمەد موختار جاف.

**ژمارەی بەشداران:** (٣٣) خوێندکار.

**وانەبێژ:** هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای بەشی راگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی.

**پوختە:**

ئەم (Workshop)انە باسکردن بوو لە رۆڵی گەنج لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، تیایدا وانەبێژان تیشکیان خستە سەر ئەرك و مافەکانی گەنج لە کۆمەڵگەدا تا بتوانن بە کارایی رۆڵی خۆیان بگێڕن بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی مۆدێرن.

**کاریگەریی:**

لە راستیدا (Workshop)ەکان کاریگەریی باشیان لەسەر خوێندکاران هەبوو، چونکە:

-خوێندکاران بەشدارییەکی چالاکیان لە گفتوگۆو پێشنیار کردندا هەبوو.

-هەمیشە زیاتر لە ژمارەی داواکاری (Workshop)ەکان خوێندکار ئامادە دەبوو، کە ئەمە نیشانەی سوودی ()ەکانە.

-ئەو خوێندکارانەی بەشداریی (Workshop)ێکیان کردبوو، لە هەر جێگایەکی تر ئاگاداری سازدانی (Workshop) بوونایە ئامادەی دەبوون، ئەم حاڵەتە چەند جارێك دووبارە بووەتەوە.

-زیاتر لە خوێندنگایەك لەوانەی کە (Workshop)یان بۆ ئەنجام دراوە، داوای سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەو (Workshop)ی تریان کردووە.

## پردی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان

**سەرپەرشتیار:** د. صلاح عزیز.

**ڕێکخەر:** بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

**لایەنی سەرەکی:** ASK.

**ڕۆژی دەستپێکردن:** ٢٠٠٥/١٢/٢٧.

**ڕۆژی تەواو بوون:** ٢٠٠٦/١/٣.

**شوێن:** سلێمانی- هۆڵی سلێمانی پالاص.

**ژمارەی بەشداران:** ٢٨

**ناوچەی بەشداربووان:** پارێزگاکانی: (هەولێر، کەرکوك، بەغداد، بەصرە، ناصریە، سەماوە، نەجەف، کەربەلا، میسان، واسط، سلێمانی، دیوانیە، بابل).

**پوختە:**

دروستکردن و پتەوکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوەکانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، یەکێکە لە پرۆژەکانی ڕێکخراوی (ASK) کە بە هاوکاری ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی بە ئەنجامی گەیاند.

لە میانەی ئەم پرۆژەیەدا (Workshop)ی چوارەم بە مەبەستی گەیاندنی ئەزمونی ڕێکخراوەکانی کوردستان بە ڕێکخراوە عەرەبییەکان سازکرا، کە چەندین تەوەرەی لەخۆگرت، وەك:

چۆنێتی ئامادەکردنی بودجەی پرۆژە، نووسینی پرۆژە، ئەزمونی ڕێکخراوەکانی سلێمانی لەگەڵ بەخشەر و سەردانی مەیدانی هەندێ لە ڕێکخراوەکانی سلێمانی.

**کاریگەریی:**

(Workshop) کاریگەرییەکی باشی هەبوو لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوەکان و هاوکاریکردنی یەکترو گۆڕینەوەی ئەزمون و بیروڕا، هاوکات ڕێکخراوە عەرەبییەکان بە کردار و ڕاستەوخۆ ئاگاداری چالاکیی و شێوازی کاری ڕێکخراوەکانی کوردستان بوون.

## بلاوكراوەی (نـــــــــــــــامە)

**بەڕێوەبەر: هیوا ئەحمەد دەروێش.**

**پوختە:**

بلاوكراوەیـەكی وەرزییـە، گرنگـی بـە هـەواڵ و چـالاكیی ڕێكخـراوە مەدەنییـەكان دەدات لـە كوردستان و عێراق و دەرەوەدا.

لە ماوەی ساڵی (٢٠٠٥)دا چوار ژمارەی لێدەرچووە، بەم شێوەیە:

**ژمارە:** ١٤.

**بەرواری دەرچوون:** ئازاری (٢٠٠٥).

**ژمارەی لاپەڕە:** (٢٠) لاپەڕە.

**بابەتە بلاوكراوەكان:**

-دوو خەڵات لە بواری مافەكانی منداڵ- بە عەرەبی و كوردی.

-خەڵاتی یونیسكۆ لەسەر فێركردنی مافەكانی مرۆڤ- بە كوردی و عەرەبی.

-إعلان وارسو من أجل مجتمع من الديمقراطيات.

**ژمارەی ئەو ڕێكخراوانەی كە چالاكییان بلاوكراوەتەوە:**

**-ڕێكخراوەكانی كوردستان:** (١٦).

(BCC، تۆڕی ڕۆژ،CSI ، تـۆڕی چـاو، Kurdo، كۆمەڵـەی ژنـانی خـاوەن كارو پڕۆژە بۆ گەشەپێدان و وەبەرهێنان لە كوردستـان،IKNN ، DHRD، كۆمەڵـــەی فریـــا، ڕێكخـــراوی خـــانزاد، CDO، KEDO، WEC، هەتاو،KHF ،KSDO)

**-ڕێكخراوە عێراقییەكان:** (١)

المنظمة العراقية لتنسيق حقوق الإنسان،

**-ڕێكخراوە جیهانییەكان:** (٣).

ICSP، سـەنتەری پارێزگـاری و ئـازادی ڕۆژنامەنووسـان، كۆمەڵـەی ماڤ مرۆڤ لە سوریا.

**ڕێكخراوی ناسێندراو:**

ڕێكخراوی (REACH)

**ژمارە:** ١٥.

**بەرواری دەرچوون:** حوزەیران (٢٠٠٥).

**ژمارەی لاپەڕە:** (٢٠) لاپەڕە.

**بابەتە بڵاوکراوەکان:**

-خەڵاتی مارتن ئانالیسی بۆ داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ- بە عەرەبی و کوردی.

-چۆن چاوپێکەوتنێکی سەرکەوتوو ئەنجام دەدەیت؟.

-أسس حل المشكلات.

-التعامل مع وسائل الإعلام.

**ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە چالاکییان بڵاوکراوەتەوە:**

**-ڕێکخراوەکانی کوردستان:** (١٤)

(BCC، KCN، KCC، Kurdo ، یەکێتی ژنان، ڕێکخراوی خانزاد، CDO، KEDO، WEC، هەتاو، KHF، KSDO، REACH، NLO).

**-ڕێکخراوە عێراقییەکان:** (١)

مانگی سوری عێراقی- لقی سلێمانی.

**-ڕێکخراوە جیهانییەکان:** (٧)

ICSP، IFES، NDI، NPA، ناوندی عەممان بۆ توێژینەوەی مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵەی هاوکاری یاسایی مافەکانی مرۆڤ لە میسر، کۆمەڵە هاوڕێیانی ژینگە لە میسر.

**ڕێکخراوی ناسێندراو:**

ڕێکخراوی (KVRA)

**ژمارە:** ١٦.

**بەرواری دەرچوون:** ئەیلول (٢٠٠٥).

**ژمارەی لاپەڕە:** (٢٠) لاپەڕە.

**بابەتە بڵاوکراوەکان:**

-جائزة جون همفري من منظمة حقوق وديمقراطية.

**ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە چالاکییان بڵاوکراوەتەوە:**

**-ڕێکخراوەکانی کوردستان:** (٢١)

(BCC، KIE، KCC، Kurdo، CSI، تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکان، ڕێکخراوی ئاسودە، ڕێکخراوی مافە مەدەنییەکان لە کوردستان، کۆمەڵەی فریا، ڕێکخراوی نۆژین، ڕێکخراوی کاردۆ، ڕێکخراوی خانزاد، کۆمەڵەی ڕۆژ بۆ کەمئەندامان، CDO، KEDO، WEC، هەتاو، KHF، KSDO، REACH، NLO).

**-ڕێکخراوە عێراقییەکان:** (٥)

تۆڕی ڕێکخراوە عەرەبی- کوردییەکان، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق، مانگی سوری عێراقی- لقی سلێمانی، تیپی شانۆی ئەمەل، ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراقدا.

**-ڕێکخراوە جیهانییەکان:** (٢)

ICSP، ASK.

**ڕێکخراوی ناسێندراو:**

-ڕێکخراوی سۆلیداریێتی خوێندکاران.

-ڕێکخراوی دایک بۆ ڕۆشنبیریی ناتوندوتیژیی.

**ژمارە:** ١٧.

**بەرواری دەرچوون:** کانوونی یەکەم (٢٠٠٥).

**ژمارەی لاپەڕە:** (٢٠) لاپەڕە.

**بابەتە بڵاوکراوەکان:**

-پەروەردەی مەدەنی.

-عالم مبني على الرشوة.

**ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە چالاکییان بڵاوکراوەتەوە:**

**-ڕێکخراوەکانی کوردستان:** (١٢)

(**BCC**، **KCN**، **KIE**، **KCC**، **Kurdo**، **CDO**،**KEDO**، **DHRD**، ڕێکخراوی هەتاو، ڕێکخراوی خانزاد، ڕێکخراوی ئامێز، **REACH**).

**-ڕێکخراوە عێراقییەکان:** (٥)

منظمة المجتمع العراقي، پەیمانگەی عێراقی لە بەغداد، ڕێکخراوی تەمموز بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوی ژنان لێکۆڵینەوەو ڕاهێنان، پەیمانگەی نیشتمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

**-ڕێکخراوە جیهانییەکان:** (١)

**ASK**.

**ڕێکخراوی ناسێنراو:**

-ناوەندی ئاڤێستا.

**کاریگەریی:**

بڵاوکراوەی نامە کاریگەریی باشی لەسەر ڕێکخراوەکان هەیە لە ڕووی:

-ئاگاداربوونی ڕێکخراوەکان لە کارو چالاکیی یەکتر، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕێکخراوەکان بتوانن ستراتیژیەتی خۆیان باشتر دابڕێژن بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان لە ناوچەکاندا.

-ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕا سەبارەت بە پێویستی پرۆژەکان بۆ ناوچە جیاوازەکان.

-سوودمەندبوونی کادێری ڕێکخراوەکان لەو بابەتانەی کە لە بارەی مافی مرۆڤو کاری ڕێکخراوەییەوە بڵاو دەکرێنەوە.

## بلاوکراوەی (نـــــــامە)ی دیواری

**بەڕێوەبەر:** هیوا ئەحمەد دەروێش.

**ئەندازەی بلاوکراوە:** ٧٠سم * ١٠٠سم.

**تیراژی چاپ:** ١٠٠ دانە.

**ناوچەی چالاکی:** سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی و هەڵەبجەی شەهید.

**پوختە:**

بلاوکراوەیەکی مانگانەیە لە خوێندنگا ئامادەییەکانی سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی و هەڵەبجەی شەهیددا بلاو دەکرێتەوە، بابەتەکانی گرنگی دەدات بە بەمەسەلەکانی (ماف مرۆڤ، دیموکراتییەت، کۆمەڵگەی مەدەنی، یاسا، بابەتە پەیوەندیدارەکان بە خوێندکاران و پرۆسەی خوێندن..هتد)، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی خوێندکاران و بەگەڕخستنی تواناکانیان لە بوارە جیاجیاکاندا.

لە ماوەی ساڵی (٢٠٠٥)دا شەش ژمارەی لێدەرچووە، بەم شێوەیە:

**ژمارە (٣) لە مانگی شوباتی (2005)دا دەرچووەو بابەتەکانی بریتین لە:**

هەڵبژاردن و دارایی، هاووڵاتیان و دامەزراوە مەدەنییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی، فرەیی سیاسیی لە دەوڵەتە دیموکراتییە هاوچەرخەکاندا، چەمکی تیرۆر.

**ژمارە (٤) لە مانگی ئازاری (2005)دا دەرچووەو بابەتەکانی بریتین لە:**

رۆڵی راگەیاندن لە دیموکراسیدا، هۆکارەکانی دیاردەی توندوتیژیی لە خوێندنگەکاندا، لێبوردن، ئاگاداری کاتەکانت بە، سەروەری یاسا.

**ژمارە (٥) لە مانگی نیسانی (2005)دا دەرچووەو بابەتەکانی بریتین لە:**

رۆشنبیریی دیموکراسیی مەرجی سەرەکییە بۆ گۆڕانکاری دیموکراسییانە، هاووڵاتی بوون و دیموکراسی، چەمکی ماف مرۆڤ، هاووڵاتیان و دەسەڵات، مافەکانی هاووڵاتی لە سیستمی دیموکراسیدا.

**ژمارە (٦) لە مانگی ئەیلولی (2005)دا دەرچووەو بابەتەکانی بریتین لە:**

چەمکی دەستور، راپرسی جەماوەریی لەسەر دەستور، ماف، هاووڵاتیان و هۆشیاریی یاسایی، کۆمەڵگەی مەدەنی، دەستورو ماف مرۆڤ، یەکسانی بۆچی؟.

**ژمارە (٧) لە مانگی تشرینی یەکەمی (2005)دا دەرچووەو بابەتەکانی بریتین لە:**

دەسەڵاتی کراوە، یان دەسەڵاتی داخراو، بنەمای پێکەوە ژیان و رۆڵی پەروەردەو فێرکردن، یاسای نێودەوڵەتی، لایەنە باشەکانی دیموکراسییەت، بە جیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤ، پاراستنی ئازادی ئاخاوتن.

**ژماره ( ٨ ) لە مانگی تشرینی دووەمی ( ٢٠٠٥ )دا دەرچووەو بابەتەکانی بریتین لە :**

**دەسەڵاتی کراوە، یان دەسەڵاتی داخراو، ڕۆشنبیرو جیهانبینی، ئازادیو مافی مرۆڤ لە دیدی (کانت)ی فەیلەسوفەوە، دیاردەی دەمارگیریی و توندوتیژیی.**

**لە ژمارە بڵاوکراوەکانی ساڵی ( ٢٠٠٥ )دا ئەم نووسەرانە بابەتیان نووسیوە:**

| ناوی نوسەر | شوێنی کارکردن | ژمارە | بابەتەکەی |
|---|---|---|---|
| یوسف عومەر | ڕێکخراوی DHRD | ٥ | چەمکی مافی مرۆڤ |
| یوسف عومەر | ڕێکخراوی DHRD | ٦ | چەمکی دەستور |
| جمیل قادر عبداللە | ئا. سورێنی تێکەڵاو-سیروان | ٦ | هاووڵاتیانو هۆشیاریی یاسایی |
| بەختیار أحمد صالح | ڕێکخراوی NPA | ٧ | دەستورو مافی مرۆڤ |
| ئاسۆ جەبار | ڕێکخراوی KIE | ٧ | دەسەڵاتی کراوە، یان دەسەڵاتی داخراو؟ بەشی یەکەم |
| یوسف عمر رشید | ڕێکخراوی DHRD | ٧ | بەجیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤ |
| م. شارۆ | ئا. ئەحمەد موختار جاف- هەڵەبجە | ٧ | پاراستنی ئازادی ئاخاوتن |
| ئاسۆ جەبار | ڕێکخراوی KIE | ٨ | دەسەڵاتی کراوە، یان دەسەڵاتی داخراو؟ بەشی دووەم |
| ئاسۆ جەبار | ڕێکخراوی KIE | ٨ | ڕۆشنبیرو جیهانبینی- بەشی یەکەم |
| جمیل قادر عبداللە | ئا. نێرگزی کچان-هەڵەبجە | ٨ | مافەکانی هاووڵاتی: خۆپیشاندان |
| م. دیدار عابد | ئا. ئەحمەد موختار جاف- هەڵەبجە | ٨ | ئازادیو مافەکانی مرۆڤ لە دیدی (کانت)ی فەیلەسوفەوە |

**کاریگەریی:**

**ئەم بڵاوکراوەیە کاریگەریی بەرچاوی هەبووە لەسەر خوێندکاران، چونکە:**

**-تێبینی کرا دوای دەرچوونی بڵاوکراوەکە خوێندکاران گرنگیدانیان بە بابەتەکانی مافی مرۆڤو دیموکراتییەتو کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر بووەو نووسینیشیان هەیە لەو بوارەدا لە بڵاوکراوەکەدا.**

**-مامۆستایان بە شێوەیەکی بەرچاو تێیدا دەنووسن، ئەمەش هاندەرە بۆ خوێندکاران تا گرنگی پێبدەنو بیخوێننەوە.**

**لە دەرەوەی خوێندنگاکانیش کاریگەریی هەبووە، وەك:**

**-زۆرێك لە نووسەران نووسینیان بۆ ناردووە.**

**-هەندێك ڕێکخراو سەردانی ناوەندیان کردووە تا ئەزمونەکە وەربگرنو لە ناوچەکانیاندا دوبارەی بکەنەوە.**